# پێداچوونەوەی "پێداچوونەوەیەک"

## تەزویر لە پێداچوونەوەی دەقی وەرگێردراوی کتێبی " خولیاو مەرگی رەحمانی کورد،خولیای کوردستان " دا

حسن ئەیوبزادە (مافناس)

پێشەکی

رۆژنامەنووسێکی ڤێنێزۆئێلایی بە ناوی کارۆل پرۆن هۆبێر بەشێک لە بەسەرهاتی نەمر د. قاسملوو، دامەزرێنەری[1] "حیزبی‌دێموکراتی کوردستانی ئێران"ی بە زمانی سپانیۆلیی لە ژێر سەردێری[2] "خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان" نووسیوە ولەسالی ۲۰۰۸ چاپی کردووە. نووسەر خۆی ساڵێک دواتر ئەو کتێبەی کردووە بە ئینگلیزیی و لە رۆژی ۳۰ی دێسامبری سالی ۲۰۰۹ لە ئەمریکا چاپ کراوە.

کاویان، زانای زمانی ئینگلیزیی و ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسیی حدکا، دوای بڵاو کرانەوەی دەقە ئینگلیزییەکەی 'کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، خولیای کوردستان"، بەو جۆرەی کە لە پێشەکییەکەی دا نووسراوە، ئەو کتێبەی بۆ سەر زمانی کوردیی وەرگێراوە.

"مامۆستا"عەبدولا حەسەنزادە ئەندامی پێشتری کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، - لەمەولا تەنیا "عەبدولا حەسەنزادە"،یان "مەلا عەبدوڵلا" دەنووسرێ - بەو جۆرەی کە لە سەرروویەر و ئاخر بەرگی کتێبەکەدا نووسیویە، بێ ئەوە شارەزای ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزیی یا سپانیۆلیی بێ، خۆی لێکردووە بە ئێدیتۆر و بە دەقە وەرگێرداوەکەی کاویاندا "چووەتەوە"!

حەسەنزادە لە پێداچوونەوەی بەو دەقە کوردیییەی کاویاندا بێ ئەژمار تەزویری کردووە کە تەوەری ئەم باسەیە.

تەزویر چییە؟

'تەزویر' لە فەرەنسیی دا بە 'هیپوکریزی'، 'فوسێتێ' و 'فالسیفیکاسیۆن' ناودەنرێ.[3] لە کوردییدا بە 'ساختەکاریی'، 'ساختەچێتیی'، 'چاپچیتی' و 'جەعل' مانا دەکرێتەوە. کەسێک کە کاری وا بکا بە 'ساختەچی'، 'چاپچی' یان 'جاعیل' ناودێر دەکرێ.

هەموو شتێک کە ئیلیمێنتی درۆو نادروستیی‌تێدابێ لەژێر ئەو ناوەدا پێناسە دەکرێ. تەزویر لە حوکمی دادگەکاندا، لە بەڵگەنامەی دەوڵەتییدا، لە واژۆ، لە نووسراوە، لە ناسنامە، لە شەرتەکانی قەرارداد، پەیماننامە،ڕێککەوتن، لە

---

[1]- تێبینیی: لە ۱۹۷۱ ولەکۆنفەراسێکی حدکداکە لە هەنگەوێ پێکهات،د،قاسملووپێشنیاری کردبوو هاوکات لەگەڵنوێکردنەوەیبەرنامەیحدک،وشەی " ئێران " بەئاخری ناوی‌حیزبی‌دێموکراتی‌کوردستان"ەوە بلکێندرێ. کۆنفەرانس ئەوپێشنیارەی قبو□کرد بوو. دووسا□ دواترئەوپێشنیارەی نەمرد. قاسملوولەکۆنگرەی سێهەمدا پەسندکرا. لەورووەوە کە بەرنامە و ئامانجی نوێێ حدکا جیا لە ئامانجی حدک بوو و کۆنگرەی سێهەم پەسندی کرد لە واقیعدا کۆنگرە ئامانج وبەرنامەی حدکی گۆڕی لەو رووەوە د.قاسلوو بە دامەزرێنەری حدکا پێناسەکرا. -

[2]Passion y Merete de Rahman el Kurdo:Sonando el Kurdistan


[3]-hypocrisie , faussete, falsification

دەفتەرخانەکاندا، لە کالای بازرگانیی، باج، لە چەک، چاپی ئەسکیناس،لە عینوان و... دەکرێ.

کەڵک وەرگرتنی مەلا عەبدوللا لە وشەی ئێدیتۆر خۆی نمونەیەک لە تەزویرە. چونکە ناوبراو شارەزایی ئەنجامدانی ئەو کارەی نەبووە. ئێدیتۆری ئەو کتێبە دەبوو دوو زمانی کوردیی و ئینگلیزیی بزانێ. ناوبراو تەنیا کوردیی زانیوە. لەبەر ئەوە رەوایی و سەلاحییەتی ئەوکارەی نەبووە. لە ئەدەبیاتی حقوقیی زمانی فارسییدا بۆ ئەو تاوانە زاراوەی "جعل عنوان " بەکار دێنن.

ئەو تەزویرانەی کە حەسەنزادە لە پێداچوونەوەیەی کتێبەکەی کارۆل پرۆن هۆیێردا کردوونی زۆر ئاڵقەی بزرکراوی روداوی تێرۆری د. قاسملوو و دواتر د. شەرەفکەندیی ئاشکرا کردووە.

پەندێکی پێشینیانی لاتینی زمانان دەڵێ: کردەوەی ئاشکرا نییەتی شاراوە ئاشکرا دەکا.[4]




پێش ئەوە بچینە سەر وردبوونەوە و وەردانەوەی بابەتی کتێبەکە و وەرگێرانەکەی بە زمانی کوردیی، پێویستە چەند تێبینییەک لەسەر پێداچوونەوە"ی کتێبەکە باس بکرێ.

کەمایەسیەکانی سەرەتایی

سەرناوی دەقە ئینگلیزییەکە لە لایەن نووسەرەکە ئەو جۆرە بووە: Dreaming Kurdistan، The Passion and Death of Rahman the Kurd. وەرگێراوی کوردییەکەی "خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، خولیای کوردستان." بووە. وشەی قاسملوو لەبری ڕەحمانی کورد نووسراوە و دوو گوڵوشەی خولیای کوردستان"ی لێقرتاوە.

جیا لە گۆرینی سەرناوی ئەو کتێبە، ئەو کەترە خەمییانەش لە چاپە کوردییەکەیدا بەرچاون:

١. سالی چاپی کتێبەکە لە لاپەرەی دووی دەقە کوردیی یەکە دا "ژوئیەی ٢٠٠٩" نووسراوە، بەلام لە ئاخر لاپەڕەی وەرگێردراوەکە و دوای پێداچوونەوەکەی عەبدوللا حەسەنزادە کراوە بە ٢٠٠٦! کارۆل پرۆن هۆیێر خۆی لە ١٢/٣٠/٢٠٠٩ لە ئەمریکا ئەو کتێبەی بە زمانی ئینگلیزیی چاپ کردووە، بەلام دەقە کوردییەکەی کە لە دەقە ئێنگلیزییەکەوە وەرگێڕدراوە، پێنج مانگ زووتر لە دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراب ئەو دووە یەک ناگرنەوە.

٢. ئینگلیزیی ئەو کتێبە بە فۆنتێکی وردتر لە فۆنتی دەقە کوردییەکە نووسراوە. ژمارەی خەتەکانی هەرلاپەرەیەکیش لە دەقە ئینگلیزییەکەدا ٣٦ خەتە، بەلام لە کوردییەکەدا پێنج خەت کەمترە و قەبارەی دەقە کوردییەکەش پانترو درێژترە . بەو حاڵەشەوە ژمارەی لاپەرەکانی دەقە ئینگلیزییەکە لە

---

4-**ActActa Détériora Indiçant Interdira Secréta Latin**
**The outward acts show the secret intentions**

دەقە کوردیی‌یە کە زیاترە. هۆیەکەی ئەوەیە کە زۆر بەشی ئەو کتێبە و بە تایبەتیی گرنگترین بەش کە سەرچاوەی زانیاریی، فاکت، دۆکۆمێنت و بەڵگەکانە لە پێداچوونەوەکەیدا بە ئەنقەست سانسۆڕ کراون. هەموو ئەو بەشانە دواتر دەخرێنە بەرچاو.

٣. مەلا عەبدوللا لە سەربەرگی دەقی کوردیی کتێبەکەدا، خۆی بە "ئێدیتۆر"ی ئەو کتێبە پێناسە کردووە. بۆ "ئێدیتۆر بوون" قابلییەت و شارەزایی لە دوو زمان پێویستە. عەبدوللا حەسەنزادە بەهۆی نەزانینی زمانی ئینگلیزیی ئەو قابلییەت و رەوایی‌یەی نەبووە کە ئەو کارەوە ئەستۆ بگرێ.

مەبەستەکانی تەزویری ئەم کتێبە

ناوەرۆکی سەرجەمی کتێبەکە نیشاندەدا کە عەبدوللا حەسەنزادە بە ئەنقەستو بۆ مەبەستێکی سیاسیی تاوانبارانەو شاردنەوەی واقعییەت، چەواشەکردنی راستیی و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی، پاکانەی بۆ تێرۆریستانو هاوکارانیان ئەوکارەی کردووە.

لە قەولی مامۆستا کاویانەوە و لە پێشەکیی‌یەکدا کە بۆ وەرگێرانی ئەو کتێبە نووسراوە، بەم جۆرە باس لە تەرجەمەی دەقە کوردیی‌یەکە کراوە:

"کاتێک لە لایەن هاورێی خۆشەویستم مامۆستا عەبدوللای حەسەنزادە" وە پێشنیارم پێکرا ئەم کتێبە بکەمە کوردی [کوردیی]، لەباری لەشساغی‌یەوە لە بارو دۆخێکی باشدا نەبووم، بەلام پێم خەسارێکی گەورە بوو ئەو "شانازییە" لەدەست خۆم بدەم و قبووڵم کرد، بەو مەرجە مامۆستاش هەم راستکردنەوەی هێندێ کەم و کورتیی ئێو کتێبەکە هەم بۆ لابردنی هەڵەو پەڵەی کوردییەکەی خۆم کە یەکەمجار بوو بە زمانی کوردی دەگژ کارێکی وا گەورە رادەچووم، یارمەتیم بداو دەگەڵم بێ کە بە خۆشیی بەوە قبووڵی کرد."

ئەو "مەرجە"ی سەرەوە زیادکراوی مەلا عەبدوللا حەسەنزادەیە، چونکە ئەوە شێوەنووسینی حەسەنزادەیە و کەسانێک بابەتەکانی ناوبراو بخوێننەوە نووسینەکانی دەناسنەوە.

جگە لەمە مامۆستا کاویان دەزانێ کە دەستتێوەردانی نووسراوەی نووسەر لە سەلاحییەتی وەرگێر و ئێدیتۆردا نییە. ئەگەر کەمو کورتیی‌یەک لە شێوەی نووسین و رێزمانەکەی دا هەبێ ئێدیتۆر کۆنترۆلی دەکا، پێیدا دەچێتەوە و بۆ چاپ ئامادەی دەکا. ئێدیتۆر ناتوانێ دەقەکە سانسۆڕ بکا، چەمک واتە مەفهومی وشە و دێر بگۆڕی، زیادو کەمی بکا، بەشێکی نووسراوەکە هەڵبگرێ و بە بەشێکی دیکەیەوە مۆنتاژ وموتوربە بکا. بەگشتیی ئێدیتۆر مافی دەستتێوەردانی نییە. ئەو دەتوانێ لە کۆتایی کتێبەکەدا یان لە پەراوێزدا ئاماژە بەو کەم و کوریی‌یانە بکا کە نووسەر کردوونی، بەلام ناتوانێ دەستکاریی دەقەکە بکا و مەفهومەکەی بگۆڕی. ئێدیتۆر یان وەرگێر کارێکی ئاوا بکا، تەزویری کردووە. تەزویرکردنیش تاوانە. بەتایبەتیی ئەوکارە لە گەل بەڵگە و دۆکۆمێنتی ئاوا گرنگدا ناکرێ.

"ئێدیتۆر" لە بابەتێکی وەرگێردراودا، دەبێ لانی کەم دوو زمان بە باشیی بزانێ: یەکەم ئەو زمانەی بابەتەکەی پێنووسراوە. دووهەم ئەو زمانەی کە بۆی وەردەگێردراوە و ئێدیتۆر پێیدا دەچێتەوە. بەلام مەلا عەبدوللا " تەنیا شارەزای زمانی کوردیی‌یە. زمانی ئینگلیزیی یان سپانیۆلیی نازانی کە بتوانێ وەرگێردراوە

کوردیی‌یەکە و دەقە ئینگلیزیی‌یەکە یان سپانیۆلیی‌یەکە لەهەمبەر یەکتر دابنێ و وەرگێڕدراوەکەی کاویان کۆنترۆل بکا.

ناوەرۆکی کتێبەکە و هەزاران تەزویر کە لەو کتێبەدا کراون نیشان‌دەدەن کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە ئەنقەست و بە مەبەستی گۆرینی واقعییەت، پاکانە کردن بۆ تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئەو تەزویرانەی لەو پێداچوونەوەیەدا کردووە. سەلماندنی ئەو ئیددیعایەش پێویستی بە پسپۆر نی‌یە. کەسانێک کە زمانی ئینگلیزیی و کوردیی بزانن، بەسانی دەتوانن ئەو واقعییەتە لە هەردوو دەقەکەدا ببینن.

رەنگە ئێدیتور ئیددیعا بکا کە ئەوکارە وەرگێرەکەی کردوویە. وایدادەنێین کە "بەفەرزی مەحاڵ "ئەو ئیددیعایە راست بێ، لەوحالەدا دەبێ وەلامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە بۆچێ مامۆستای ئێدیتۆر (حەسەنزادە) رێگەی داوە ئەو کتێبە بەو تەزویرەوە کە تێیدا کراوە چاپ بکرێ؟ ئەگەر بگوترێ مەلا عەبدوللا ئینگلیزیی‌نەزانیوە تا بزانێ وەرگێردراوەکەی هەڵەی تێدابووە ئەو کاتە مەبەستە نەباشەکەی ناوبراو بۆ قبوڵی ئەوکارە ئاشکرا دەبێ کە پێشتر باسی کرا، واتە کارێکی قبوڵ کردووە کە شیاوی نەبووە و بۆ مەبەستێکی کردووە کە تاوانبارانە بووە و ئەوکارەشی بە ئەنقەست کردووە.

ئیدیتۆر ئاخرکەسە کە کۆنترۆلی کتێبەکە دەکا. چاوەروان دەبین حەسەنزادە ئەگەر ئیددیعایەکی ئەوتۆ بکا، بیسەلمێنێ. بنەمایەکی حقوقیی‌هەیە کە رەنگە خۆی لێی‌شارەزا بێ و لە هەموو جیهاندا کاری پێدەکرێ، ئەویش ئەوەیە: "البينة على المدعى ..." واتە ئەوەی ئێددیعایەک بکا دەبێ بەڵگەی بۆی هەبێ. لێرەدا بۆ سەلماندنی ناراست بوونی ئیددیعایەکی ئەوتۆ بەڵگەی سەرنجراکێش هەیە کە لە دەقەکەدا نیشان دەدرێن.

ئەو کارانەی کە عەبدوللا حەسەن‌زادە لەو پێداچوونەوەیەدا کردوونی، جیالەوە کە تەزویرن، سەرناوی تاوانبارانەی دیکەشیان هەیە وەکو

١. شاردنەوەی جینایەتی تێرۆر بە مەبەستی هاودەستیی و هاوکاریی‌کردن لە گەل تێرۆریستەکانی سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران جێگیر لە یاخسەمەر و سولەیمانیی.
٢. خەیانەت لە ئەمانەت لە وەرگێردراوی تەرجەمەی وەرگێردا.
٣. چەواشەکردنی واقعییەت .
٤. پاکانە کردن بۆ تێرۆریستان بۆ بەفریوبردنی بیرورای گشتیی.

گۆرینی واقعییەت و پاکانە کردن بۆ گۆمانلێکراوان و لایەنگرانیان مەبەستی سەرەکیی ئێدیتۆر واتە مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادەبووە.

مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە بەو کارەی کە کردوویە غەدرێکی گەورەی لە مامۆستا کاویان کردووە، چونکە حەسەن‌زادە لە وەزعی ناساخیی‌یەکەی مامۆستا کاویان بە خراپ کەڵکی وەرگرتووە و دەستە چەورەکەی بە کراسە سپیی‌یەکەی ناوبراو سڕیوە. دۆستان و خزمانی مامۆستا کاویان ئاگادارن کە ئەو بە هۆی ناساخیی‌یەکەیەوە نەیتوانیوە "پێداچوونەوە کەی" مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە کۆنترۆل بکاتەوە. لەو رووەوە ناوبراو بە مرخی خۆی ئەوەی پێی‌خۆش بووە بە حیسابی کاویان لەگەل ئەو دەقە وەرگێڕدراوەی کردووە. بۆ ئەومەبەستە لەگەل خزم و کەسە نزیکەکانی مامۆستا کاویان و نووسخەی دەست نووسەکەی باس کراوە. دوای دەربرینی هەڵوێستی شەخسیی عەبدوللا حەسەنزادە ئەو بابەتە بە دوور و درێژیی باس دەکرێ.

تەزویرگـــەلێکی کـــە لـــەو کتێبـــەدا کـــراوە، ســـەیرو ســـەمەرەو چاوەڕوواننـــەکراون. کـاری ئـەوتۆ بـۆ کـەم کـەس دەلـوێ. کەسـێک دەتـوانی ئـەو شـیوە تـەزویرە بکـا کـە لـە نووسین و چاپ و وەرگێراندا بەئەزموون وخیبرە بێ.

حـــەســـەنـــزادە لـــە پێداچوونەوەکـــەیدا تـــەنیا دەســـتی بـــۆ تـــەزویری ئـــەو بەشـــانە بـــردووە کە:

١. تـــەزویر پێوەنـــدیی بـــە نـــاوی بریـــاردەرانی تێـــرۆری د. قاســـملوو و بەرێوەبـــەرانی جینایەتی ڤییەن و هاوکارانیانەوە بووبێ.
٢. تـــەزویر پێوەنـــدیی بـــە بەڵگـــە و زانیـــاریی وەرگیـــراو لـــە خیبـــرە، کارنـــاس و پســـپۆرانی تاقیگەکانەوە بووبێ.
٣. تەزویر بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتیی بووبێ .
٤. سانســـۆر، تێکـــەلکردن، شـــێواندنی بابـــەت، گـــۆڕین، هێنـــانی نیشـــانە لـــە غـــەیری جێگـــای خۆیـــدا، لـــەو شـــوێنانەدا کـــە باســـیان لـــە کەســـایەتی د. قاســـملوو و ناودارانی کورد کردووە کراون.
٥. سێســـەدو بیســـت (٣٢٠) ســـەرچاوەی زانیاریی‌یـــەکانی ئـــاخری کتێبەکـــە بـــە تەواوی سانسۆر کراون .

ســـەرنجراکێش ئەوەیە کە لـــەو شـــوێنانەدا کـــە باســـێک لـــە کـــردەوەی تێرۆریســـتیی و ناوی تێرۆریستان و هاوکارانیان لە ئارادا نەبووبێ تەرجەمەکە دەستی لێنەدراوە.

ئێمـــە لـــەو لیکۆلینەوەیـــەدا خوێنـــەر لەگـــەل ســـەدان تـــەزویری مـــەلا عەبـــدوللا حەسەنزادە ئاشنا دەکەین کە تا ئێستا کورد لەگەلیان ئاشنا نەبووە.

لـــەو لێکۆلینەوەیـــەدا خوێنـــەر لەگـــەل رومـــای شـــاراوەی بەشـــێک لـــە هاودەســـتانی تێرۆریســـتەکان و بریـــاردەرانی تێـــرۆری د. قاســـملوو رووبـــەروو دەبـــێ کـــە تـــا ئێســـتا وەکـــو هـــاوریی نزیکـــی د. قاســـملوو ود. شـــەرەفکەندیی و هـــەزاران کـــادرو پێشـــمەرگەی حـــدکا پێناســـە کـــراون. ئـــەو بەشـــە لـــە هاودەســـتانی دەزگـــای تێـــرۆر، توانیویـــە بـــە کـــەلک وەرگـــرتن لـــە شـــەبەکەیەکی بـــەربلاوی پێکهـــاتوو لـــە جاســـوس و لایـــەنگرانی دامودەزگـــای تێـــرۆری کۆمـــاری ئیســـلامیی، لـــە ئەنـــدامانی حیزبـــی دێمـــوکراتی کوردســـتان ســـەر بـــە ســـەرۆک تالـــەبانیی لـــە باشـــور و دەرەوەی ئێـــران واقعییـــەتی ئـــەو جینایەتانـــەی کـــە دژ بـــە گـــەلی کـــورد لـــە رۆژهـــەلات و باشـــوری کوردســـتان لـــە نێـــو حـــدکاو خـــەلکی ئاســـاییدا کـــراون لـــە خـــەلکی کـــوردو بیـــروڕای جیهانییبشارنەوە.

### ئاشنا بوون لەگەل **نووسەری**

### کتێبی "خولیاو مەرگی رە□مانی کورد، خولیای کوردستان"

ئـــازیزێکی نووســـەری ئـــەم لێکۆلینەوەیـــە لـــە کـــۆنگرەی زانیـــارانی کـــورد لـــە شـــاری روتـــردام، لـــە حەوتـــی ئۆکتـــۆبری ســـالی ٢٠١١ چـــاوی بـــە یـــای کـــارۆل پـــرون هـــۆیێر، نووســـەری کتێبـــی "خولیـــاو ومـــەرگی رەحمـــانی کـــورد خولیـــای کوردســـتان" کـــەوتبوو. لـــەو چاوپێکەوتنـــەدا نووســـەر باســـی کتێبەکـــەی خـــۆی بـــۆ کردبـــوو. ئـــەو ئـــازیزە، سوپاســـی ئـــەو نووســـەرەی کردبـــوو و ئامـــاژەی بـــە وەرگێرانـــی کتێبەکـــەی د. پیتـــر پـــیلچ ("ئیســـکۆرت بـــەرەو تـــاران") کردبـــوو کـــە لـــە لایـــەن خـــاوەنی ئـــەم قەلەمـــەوە

وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردیی. نووسەر لەکۆتاییدا کتێبەکەی خۆی بە دیاریی بۆ ناردبووم.

خاتو کارۆل لە پێشەکیی ئەو کتێبەی خۆیدا کە بۆی ناردووم نووسیویەتی: "بۆ گۆران، رەنگە ئەو دۆست و رێبەرەی لەمەوبەر دەتناسیی لە نێو لاپەڕەکانی [ئەم کتێبەدا] ببینیەوە. بە رێزەوە [ئیمزای کارۆل پرون هوبێر]، روتردام [هولەند]، سالی٢٠١١.[5]

بە ئۆگریی‌یەکی زۆرەوە کتێبەکەی یای کارۆڵ پرۆن هۆبێرم بە زمانی ئینگلیزیی خوێندەوە. سالێک دواتر خۆشەویستێک وەرگێڕدراوی ئەو کتێبەی بە زمانی کوردیی بۆناردم کە مامۆستا فەتاح کاویان وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی و مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بەو وەرگێڕاوە کوردیی‌یەدا چووەتەوە و بەقەولی خۆی ئێدیتۆری بووە.

نووسەری ئەم دێرانە، پێداچوونەوەی وەرگێردراوە کوردیی‌یەکەی کاویان و "پێداچوونەوەکە"ی واتە کاری عەبدوڵلا حەسەنزادەی "ئیدیتۆر"ی لەگەڵ دەقە ئینگلیزیی یەکەی ئەو کتێبە لە هەمبەر یەکتر دانان. سەرەتا لەوە دەچوو کە لە وەرگێرانی کتێبەکەدا یان لە تایپکردنەکەی دا هەڵە کرابێ. بەلام لە درێژەی خوێندنەوەی کتێبەکەدا دەرکەوت کە زانیاریی‌یەگرنگەکانی سەرجەمی ئەو کتێبە لە پێداچوونەوەی دەقە کوردیی‌یەکەدا لەلایەن مەلا عەبدوللا ("ئێدیتۆر)"ەوە گۆردراون. ئەو کارە تەزویرێکی پسپۆرانە و بە ئەنقەست بووە. دەکرێ بەمتمانەوە بگوترێ کە تا ئەمرۆ تەزویرێکی ئاوا لە ناو کورد و فارس و تورک دا نەکراوە.

ماوەیەک بەر لەتەواو بوونی ئەم لێکۆلینەوەیە نووسەری کتێبەکەم لەو هەزاران تەزویرەی کە لە کتێبەکەی‌دا کراوە، ئاگادار کرد.

چەشنەکانی تەزویرەکە

خوێندنەوەی ئەو کتێبە بۆ کەسانێک کە ئۆگری بەدواداچوونی نهێنیی‌یەکانی تێرۆری د. قاسملوو، د. شەرەفکەندیی، سەدان کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی حدکا لە باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان بن سەرنجراکێشە.

بیرمەندی کورد لەو پێداچوونەوەیەدا لەگەل هەمو چەشنەکانی تەزویر ئاشنا دەبێ. دەبینێ کە تەزویرچی بەڵگەی پزیشکیی قانوونیی چۆن گۆریوە. رووداوەکانی چۆن بەرئاوەژوو کردوون. لە سەدان جێ بابەتی سانسۆر کردوون. بەشێکی دەرهاویشتوون، تونای کردوون و سڕیونی‌یەوە .

ئەو تەزویرانەی لە " کتێبی خولیاو مەرگی قاسملووی کورد"دا کراون، نموونەی زۆر نوێیان تێدایە. خوێندکارانی زانستگەی مافەکان و دامودەزگاکانی دەوڵەتیی و پۆلیس لە کوردستان بۆ شارەزا بوون لە تەزویرو شێوەکانی دەتوانن تێزی ماجیستێرو و دوکتورالەسەر بابەتی تەزویر بنووسن و لە جۆراوجۆریی تەزویر لەو کتێبەدا نموونە بێننەوە.

دەستتێوەردانی سەرجەمی کتێبەکە، تێخزاندنی بابەتی نەبوو لە دەقە ئینگلیزیی‌یەکەدا، گۆڕینی ریزی بەشەکان، لەت و کوت کردنیان، گۆرینی

---

[5]-To Goran  May you find the friend + Leader you knew in these pages. with regards.  Carol PrunhuberRoterdam 2011 .http://www.mediafire.com/view/oay5u67rw6ha735/diariy_yay_karol_nusseri_kiteebi_xulia_u_mergi_Qassimlouy_kurd.jpeg
http://www.mediafire.com/view/myfiles/#fzbd6ops8b5720c

دێرو وشە، سانسۆر، بێماناکردنی دێڕی روون و لابردن و گۆڕینی ناوی تێرۆریستەکان بە تایبەتیی وەلانانی ناوی صحرارودی، علی فلاحیان، محسن رضائی لە تێکستەکاندا، سانسۆری سەرجەمی بابەتێک و قرتاندن و سانسۆرکردنی بابەتێک کە بنیصدر نووسیویە و ئەو لەریسواکردن و مەحکوم کردنی " سیستمی جینایەتکار"ی رژیمی ئێران دا دەوری گرنگی هەبووە، بەگشتیی ئەو هەڵپاچ و داپاچ و قرتاندنە زیاتر لەو بەشانەدا کراون کە باس لە تاوانباران و تێرۆریستەکان و فەرماندەرانی تێرۆری کۆماری ئیسلامیی و لایەنگرانی کوردی تەواوە لەو نیزامەدا کراون کە لە پێوەندیی بە تێرۆری دوکتور قاسملوودا دەوریان هەبووە.

## سەر چاوەکانی کتێبەکە

کارۆل پرون هوبێر بۆ نووسینی ئەو کتێبە لە ٣٣٢ سەرچاوە، کەڵکی وەرگرتووە. لەگەل ٣٨ کەس وتووێژی کردوون. چوار کتێبی بە زمانی ئینگلیزیی بۆ خوێندوونەوە. دەیان کتێب و نووسراوەی جۆراوجۆری لەسەر ئێران و تورکیە بۆ ناسینی مەسەلەی کورد و هەڵوێستی حکومەتەکانیان لە پێوەندیی بە کوردەو پشکنیوە. دۆکۆمێنتەکانی رێکخراوەگەلی مافەکانی مرۆڤ و مقالەگەلی دەیان سەرچاوەی ئەلکترۆنیی لەبەردەستدا هەبووە و زەحمەتێکی لەرادەبەدەری بۆ نووسینی ئەو کتێبە کێشاوە .

## ئەو کتێبانەی کە لەسەر د. قاسملوو نووسراون

تا ئێستا لەسەر بەسەرهاتی نەمر د.قاسملوو سێ کتیب و هەزاران مقالە بە زمانگەلی ئالمانیی، ئینگلیزیی، فەرەنسیی، عەرەبیی، کوردیی و تورکیی نووسراون. ئەو سێ کتێبەی کە لەسەر ژیانی د. قاسملوو نووسراون بریتین لە[6]

١. "ئیسکۆرت بەرەو تاران" بە زمانی ئالمانیی نووسینی پیتر پیلچ. لە چاپی وەرگێردراوەکەی دا هەڵەو پەڵەی چاپی هەیە لەدادیەکی نەدووردا دوای پێداچوونەوەی بڵاو دەکرێتەوە.

٢. "خاتونێکی ئوروپایی لە وڵاتی کوردان" نووسینی هێلێن کرولیش، هاوژینی بەڕێی نەمر د. قاسملوو، بە زمانی فەرەنسیی و کراوە بە ئینگلیزیی .

٣. "خولیا ومەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان" بە زمانی ئیسپانیۆلیی کە نووسەرەکەی خاتو کارۆل پرون هوبێر،تەرجەمەی کردووە بە ئینگلیزیی و فەتاح کاویان کردوویە بە کوردیی، مەلا عەبدوللا حەسەنزادە "پێیدا چووەتەوە". ئەو کتێبە لە چاپخانەی "رۆژهەڵات" لە هەولێر بە ژمارەی ٦٦٦ سالی ٢٠٠٩ چاپ کراوە،بەلام لە لاپەڕەی ئاخری کتێبەکەدا رێکەوتی چاپی ئەوکتێبە ٢٠٠٦ نووسراوە.

## کورتەیەک لەسەر ناساندنی ئەم کتێبانە

---

[6]-Eskorte nach Teheran  Der Oesterreichische Rechtstaat und Die Krdenmorde . Peter Pilz
The Passion and Death of Rahman the Kurd, Dreaming Kurdistan. Carol Prunhuber
Une Europeenne au pays des Kurdes. Helene Krulich

کتێبی "ئیسکۆرت بەرەو تاران" بە وەبەرچاوگرتنی بەشێکی کەم لە فاکتەکانی دەزگای پۆلیسی دادوەریی و دادوەرانی لێکۆڵینەوە نوسراوە. نووسەر چۆکدادانی کارگێرانی سیاسیی وڵاتەکەی (ئوتریش) ی لە بەرامبەری حاکمانی ئێران خستووەتە ژێر رەخنە. بەڵام لەمەر روداوەکانی دیکە وراکێشانی د. قاسملوو بۆ نێو تۆری تێرۆر و دەوری کورد زانیارییەکی کەمتری نووسیوە.

"کتێبی خاتونێکی ئوروپایی لە ولاتی کوردان" باس لە ژیانی سەردەمی لاویی نووسەر و د. قاسملووکردووە. کیژو کوڕێک لە دوو جیهانی فەرهەنگیی، کولتوریی کۆمەلایەتیی جیاوازدا جیهانێکی نوێیان خولقاندووە و ئەوین ئەوانی لێک گرێداوە. ئەوە، کتێبێکە بۆ ئوروپاییەکان سەرنجراکێشە. کێژە ئوروپاییەک جیهانی هێدی و هێمنی بنەمالەی خۆی جێ دێڵی و چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی لاوێکی ژیری کوردەوە گرێدەدا کە خولیای گۆڕینی نەزمی جیهانە. لاوێک لە بنەماڵەیەکی دەسترۆیشتووی کورد کە لە پێناوی ئامانجیدا سەردانانەوێنێ و سەر دادەنێ.

تایبەتمەندیی وەرگێردراوی کتێبی "خولیاو مەرگی رەحمانی کورد،خولیای کوردستان"ی کارۆل پرۆن هۆبێر (http://www.carolprunhuber.com/reviews.htm) لە وە دایە کە زمانی وەرگێردراوەکە بێگرێ یە. گرێی کارەکە لە دەستتێوەردانەکەی عەبدوللا حەسەنزادەوە سەرێ هەڵداوە و سەقەتکراوە. ئەوەی کە حەسەنزادەی "ئێدیتۆر" بەسەر تەرجەمەی کتێبی "خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، خولیای کوردستانی" هێناوە، شێوەکارێکی داعش مەسلەکانە کە ئەبوبەکر البغدادی بەسەر کوردی ئیزەدیی هێناوە.

چەند وشەیەک لە سەر پێشینەی ع. حەسەنزادە و هاوکارانی

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە یەکێ لە داهێنەرانی تەزویرە کە د. قاسملوو لە پێشینەی رێبەرایەتیی حدکا دا باسی کردوون ("کورتەیەک لە مێژووی رێبەرایەتیی حدکا بەر لە گەڕانەوەیان بۆ رۆژهەلاتی کوردستان"). ئەوباتە گرنگە لە سایتی پێشمەرگەکان دا بخوێنەوە!

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە دڵنیا بووە کە مامۆستا کاویان بە هۆی فەرامۆشکارییەوە بۆی ناکرێ کارەکەی ئەو کۆنترۆل بکاتەوە. کەسێکیدیکەش لەو حیزبە ئاخوندخنکاندووەدا نەبووە کە بوێرێ لەو هەموو جینایەتە کە لەو تەنزیمەدا کراوە بکۆڵێتەوە. جیهانی پەنابەریی و چاولەدەستیی‌یش، مرۆڤ دەکاتە کۆیلەیەکی لانزەلیل شانتەکێن و "مشک کوژ " دروست دەکا. کەوڵی دەڵەک دەبەرئیشکەڕن دەکا و کلکی رێوی وێدەخا و بە زاراوەی سیاسیی دەپەیڤێ. چاوقایم تۆوی مەرگ دەچێنێ و لە کێبەرکێیراکردن‌دا تاژی نایگاتێ.

دوای ١٩٩٣ سەدان کەس لە باشووری کوردستان تێرۆرکراون. ئەو قەدیم پێشمەرگانە لەو قەسابخانەیەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و تەنزیمی تالەبانیی‌دا ورەی پرسیار و رەخنەیان لەو هەموو کوشتار و سەرشۆرییە نەبووە کە مەلا عەبدوللا و مصطفی هجری بەسەر ئەو خەلکەیان هێناوە. بە بریاری مەلا عەبدوللا حەسەنزادە، خۆی گوتەنی: هەموو دەبوو مەرگی خۆیانو رەفیقەکانیان "تەحەمول بکەن." بروانە دوو جینایەت دوو دادگا، دوو قەرار. ئەو تەحەمول کردنە خێرویێری دوو قاتی بۆ رێبەری چاخی نوێ هەبووە.

کەس ئاماری دەقیقی تێرۆرکراوانی ئەو حیزبە نازانێ. تیمەکانی هاودەستی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە هەموو بەرپرس و شەریکە تاوانی مەلا

عەبــدوللان. کــەس نــەیوێراوە دەوری ئــەم بــە نــاو کارگێرانــەی حــدکا لــە قــاو بــدا. ئەوانــە لەو قۆڵەدا ئەندامانی حیزبەکەی ستالین بوون.[7]

ناتەواویی و کەم و کەسریی‌یەکانی کتێبەکەی کارۆل پرۆن هۆبێر

لــــە کتێبــــی "خولیــــاو مــــەرگی رەحمــــانی کــــورد، خولیــــای کوردســــتان"دا (دەقــــە ئینگلیزیی‌یەکــــە) زۆر زانیــــاریی ســــەرنجراکێش لەســــەر تێــــرۆری د. قاســــملوو و قاتلــەکان و هاودەســتانی تێرۆریســتەکان کۆکراونــەوە. بــەلام ئەوانــە ســەرجەمی ئــەو زانیاریی‌یانــە نــین کــە لــە پەروەنــدەی تێرۆرەکــەدا لەلایــەن دادوەرە ئوتریشــیی‌یەکان و دەزگــای پۆلیســی دادوەریی‌یــەوە کۆکراونــەوە کــە مــەلا عەبــدوللا حەســەنزادە و تیمە هاودەستەکەی و مصطفی هجری لە خەلکی کوردیان شاردوونەوە.

وەکیلــی هــاوژینی د. قاســملوو و پۆلیســی ڤییــەن و دەفتــەری حــدکا لــە پــاریس نوســخەی پەروەنــدەی تێــرۆری د. قاســملوویان هــەبووە. ئــەو کەســانەی کــە راســتەو خــۆ یــان ناراســتەوخۆ لــە تێــرۆری د. قاســملوودا هاودەســتی تێرۆریســتەکان و یارمەتیــدەرانیان بــوون ئاشــکران. ئــەمارەی دادوەریــی و بەڵگــەی دادگــا پەســندی دژ بــە تێرۆریستەکانو هاوکارانیان روون و حاشا هەڵنەگرن.

بن‌بــێللاو جــەلال تالــەبانیی ســاڵیانێکی زۆر دواتــر لــە تێرۆرەکــەی د. قاســملوو لەگــەل کــارۆل پــرۆن هــوبێر باســی ئــەو تێرۆرەیــان کــردووە. بــە پشــتیوانیی ئــەو زانیاریی‌یانــە کــە لــە پەروەنــدەی تێرۆرەکــە لەلایــەن مــەلا عەبــدوللاوە وەدەســتیان کــەوتووە بــۆ بەرپــەرچ دانــەوەی بەڵگــەکان، هــەوڵیان‌داوە بــە دانــی خەبــەری ناراســت واقعییەتەکان بگۆرن.

هــەر بەڵگەیــەکی کــە لــەو پەروەندەیەدابــە دژی تاوانبــاران هــەبووە لــە لایــەن مەلا عەبدوللاوە تەزویر کراوە.

لــەو رووەوە نووســەری ئــەم لێکۆلینەوەیــە ناچــار بــووە وشــە بەوشــەی کتێبەکــەی کــارۆل پــرۆن هــۆبێر بــە وەبــەرچاوگرتنی فاکــت، بەڵگەنامــە، زانیــاریی ئاگــاداران، نــەزەری خیبــرە و کارنــاس و ئاکــامی تاقیکــاریی تاقیگــەکان و نــەزەری پزیشــکە قانوونیی‌یــەکان بــۆ راگەیانــدنی واقعییــەتی رووداوەکــە لەهەمبــەر ئــەو بــەناو زانیاریانــەی کــە مــەلا عەبــدوللا حەســەنزادە تــەزویری کــردوون رابگــرێ تــا واقعییــەتی رووداوەکان نیشان بدرێن.

## هەڵە و کەمتەرخەمی وەرگێر

بــۆچی و بــە چ مەبەســتێک مامۆســتا کاویــان دەقــی وەرگێردراوەکــەی بــۆ پێداچوونــە بــە مــەلا عەبدوللاحــەســەنزادە ئەســپاردووە،نادیارە. ئــەوەش کــارێکی هەڵــە بــووە. چونکــە مــەلا عەبــدوللا حەســەنزادە ئــەلف و بێــی زمــانی ســەرچاوەی دەقەکوردیی‌یەکــە واتــە زمــانی ســپانیۆلیی و زمــانی ئینگلیزیی‌یەکــەی نــەزانیووە تــا بتــوانی وەرگێردراوەکــە کــۆنترۆل بکــا. لەراســتیی‌دا مــەلا عەبــدوللا حەســەنزادە بــۆ تــەزویری ئــەو کتێبــەو چەواشــەکردنی واقعییــەتی رووداوەکــە و پاکانــە کــردن بــۆ جینایــەتکاران و هاودەســتەکانیان، پێداچوونەوەکــەی کــردووە. یــەک نموونــەی زۆر زەق و پچــووک لــەو کتێبە دا دەخرێتە بەرچاو.

---

[7]- http://www.pdk-iran.org/english/doc/terorismus.htm

له لاپەڕەی ٣٠ دەقەکوردییەکەدا نووسراوە: " پرگەی دووەم سێهەمین پیاو". ئەوە هەڵەیەکی ئاساییە کە مامۆستا کاویان کردوویە. چونکە لە سەردێری دەقە ئینگلیزییەکەدا نووسراوە: A Tired Man، واتە "پێاوێکی ماندوو" یان "پیاوێکی شەکەت"، بەلام مامۆستا کاویان ئەو وشەیەی بە Third Man خوێندووەتەوە کە بە مانای "سێهەمین کەس" یان "سێهەمین پیاو"ە. بڕوانە لاپەرەی ٩ی دەقە ئینگلیزییەکە!

حەسەنزادە ئەگەر شارەزاییەکی لەو زمانەدا هەبووایە ئەو هەڵەیەی بۆ مامۆستا کاویان راست دەکردەوە.

## دەوری ع. حەسەنزادە

بیست و شەش سال دوای جینایەتی ڤییەن مەلا عەبدوللا ئەو جینایەتانەی پەردە پۆش کردوون کە دژ بە حدکا و کادرو پێشمەرگەی رۆژهەلاتی کوردستان کراون و گومانی هاودەستیی و هاوکاریکردنی تێرۆریستان و بریاردەرانی لەسەرە. ئەو کارەی حەسەنزادە تەنیا ئەو تەزویرە نەبووە. لە روداوەکانی دوای تێرۆری د. قاسملووو د. شەرەفکەندیدا ناوبراو دەوری کارای هەبووە. حەسەنزادە و هاوکارەکانی بزوتنەوەی سی و شەش سالی کورد و گیانی هەزران پێشمەرگەیان لە رۆژهەلاتی کوردستان بە جەلال تالەبانیی تەوواه لە ئیتیلاعاتی سپای پاسداران‌و بە باقری ذوالقدر بەرپرسێکی ئیتیلاعاتی ئەو تەنزیمە تێرۆریستییە فرۆشتووە. بڕوانە لاپەرەی ١١٣ "خولانەوە لە ناو بازنەدا":


*"رێکەوتن لە گەل ئێران، لە باتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مام جەلال و لە باتی جمهوری ئیسلامیی ئێران محمد باقر ذوالقدر کە ماوەیەک بوو بە سەرۆکی سپای پاسداران، ئیمزا کرد."*[8]

کومیتەیەکی راستیی پشکن بۆ لێکۆلینەوە لە کوشتاری کادر و پێشمەرگەی حدکا دەبێ پێک بێ و لە دەوری مەلا عەبدوللا حەسەنزادە وتیمەکەی لەو تێرۆرانە بکۆڵێتەوە.

پێداچوونەوەی وەرگێردراوی کتێبی "خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان" و "پێداچوونەوە"کەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە ئێمە لەگەل سیمایەکی دیکەی ناوبراو لەگەل هاوکارانی ئاشنا دەکا.

٢ــبۆناسینیباقریذوالقدربروانه ئەو لینکه له لاپەڕەی ١٤-١٨ بەنی سەدر و زانیارییەکەی له دادگایەکی ئەمریکادا

[8] - http://ebooks6.com/Bani-Sadr-deposition-UNITED-STATES-DISTRICT-COURT-FOR-THE-SOUTHERN-download-w49457.html







.

<u>تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە</u>

لێرەبـــەدواوە دەقـــی پێداچوونەوەکـــەی م. ع. حـــەســـەنزادە و ئاڵقـــە بزربووەکـــانی بەســـەرهاتی ڕێبـــەرانی حـــدکا وهاوەدەســـتیی مـــەلا عەبـــدوللاو تیمەکـــەی لەگـــەل ئیتتیلاعـــاتی ســـپای پاســـداران و زانیـــاریی ینـــک و تالـــەبانیی لـــە تـــەزویر و پێداچوونـــەوەی کتێبی "خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، خولیای کوردستان" دا بخوێنەوە!

بالەســـەرناوی ئـــەو کتێبـــەوە کـــە لەبـــەرچاوە دەســـت پێبکـــەین. ســـەر نـــاوی ئـــەو کتێبـــە لـــە دەقـــە ئینگلیزییەکـــەدا "خولیـــاو مـــەرگی ڕەحمـــانی کـــورد" خولیـــای کوردســـتان بـــووە. مـــەلا عەبـــدوللا نـــاوی رەحمـــانی کـــوردی کـــردووە بـــە قاســـملووی کـــورد و دوو گوڵوشـــەی <u>"خولیای کوردستان"ی</u> سانسۆر کردوون.

ســـەرەتا ئاماژەمـــان پێکـــرد کـــە دەقـــی ئینگلیزیـــی ئەوکتێبـــە لـــە دیســـامبری ٢٠٠٩ لـــە ئـــەمریکا چـــاپ کـــراوە، بـــەلام دەقـــە کوردییەکـــەی کـــە لـــە ئینگلیزییەکەیـــەوە کـــراوە بـــە کـــوردیی لـــە ژووئیـــەی ٢٠٠٩ لـــە هـــەولێر لـــەدایک بـــووە. واتـــە ٦مانـــگ زووتـــر لـــە دەقـــە ئینگلیزییەکـــە چـــاپی یەکـــەمی لەهـــەولێر فرۆشـــراوە. مـــەلا عەبـــدوللا حەســـەنزادە بەم کارەی سەلماندوویە کە هێلکە بەر مامر خولقاوە.

دووهەم تەزویری سەرنجراکێشی سەرەتای پێداچوونەوەکەی م. ع. حەسەنزادە سانسۆرو چاپ نەکردنی "ناوەرۆکی پێنج لاپەرەی سەرەتای ئەو کتێبەی کارۆل پرۆن هۆبێر" بووە. بروانە دەقی ئەوپێنج لاپەرە سانسۆر کراوە لە پێداچوونەوەکەی م.ع. حەسەنزادە لە لاپەرەکانی ژێرەوەدا!

"Carol Prunhuber has produced a painstaking and impressive biography of the Kurds' most worldly and best-educated leader. Ghassemlou's life was the stuff of fiction, and his biographer has supplied details to inspire a novelist—presented in dozens of interviews with those who knew him best."

—Jonathan Randal, former *Washington Post* correspondent and author of *After Such Knowledge, What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan*

---

"This is a thorough and very readable account of the inspiring leadership of the Iranian Kurds by Abdul Rahman Ghassemlou, of his treacherous assassination by the Iranian regime in Vienna twenty years ago, and the failure of the Austrian police to bring the killers to justice.

"Ms Prunhuber shows clearly that Iran had a deliberate policy of murdering the regime's opponents, and Ghassemlou was a prime target. We know how and why Ghassemlou was killed and who did it. But why the international community's response was so halfhearted and ineffectual—this is what remains a mystery."

—Eric Avebury, British Member of Parliament, House of Lords, author of *Iran: State of Terror* and *Iran, Fatal Writ: An Account of Murders and Cover-ups*

---

"It is a rigorous work of contemporary history in which many years of reflection have been invested, a distillation in which the author gives shape to the complex web of the Kurdish political world.

"It is also an exemplary work of journalistic reportage of the best kind. You can listen to the innumerable voices that bring to life the figure of the exceptional leader that Ghassemlou was, until his murder in Vienna by order of the Iranian regime. It is a remarkable achievement to construct this complex and hazardous political life, weaving testimonies, press clippings, face-to-face interviews, and personal diaries with the rhythm of an action-packed thriller.

"In the richness of this book the personal experience is manifest:

the passion that moved the author to deploy the extraordinary energy needed for the realization of this exceptional book."

—Elizabeth Burgos, PhD, historian and author of the bestselling book *I, Rigoberta Menchu: An Indian Woman in Guatemala*

"Prunhuber's biography of the Kurdish leader Abdul Rahman Ghassemlou . . . gives justice to the personality and actions of one of the most remarkable and democratic leaders of a national movement of the past century."

—Gérard Chaliand, former director of the European Centre for the Study of Conflicts, author of *People without a Country: Kurds and Kurdistan* and *The History of Terrorism from Antiquity to al Qaeda*

"Journalist Carol Prunhuber, who was a friend of Abdul Rahman Ghassemlou, not only shows us the human profile of a leader of magnitude and international reach, but also gives us the clues to understand an exceptional political evolution in the Middle East. Ghassemlou introduced, in the liberation movement of Kurdistan, the concepts of democratic socialism, breaking with the rigid political conceptions of the traditional Kurdish parties.

"Throughout its pages, *The Passion and Death of Rahman the Kurd* follows the construction and consolidation of the Islamic Republic. Blow by blow, the author shows how Shiism functions from within. Through its depiction of some of the most important figures of Shi'a in Iran, we have an ample vision of the complex Iranian regime, a political system still in play since its foundation in 1979."

—Manuel Martorell, PhD, Spanish journalist specializing in the Middle East; author of *Kurdistán: Historia de una resistencia* and *Kurdistán: Viaje al país prohibido* (*Kurdistan, History of a resistance* and *Kurdistan, Voyage to the Forbidden Country*)

"Who are these dead bodies, men murdered without any scruple in Vienna twenty years ago? Their echo comes to us in these vibrant pages by Carol Prunhuber. . . . I will take the risk of stating the feeling I have

about this book: it is reportage of the greatest impact, reportage with a global resonance."
— Nelson Rivera, *El Nacional*, Caracas

---

"With its rigor, method, and richness of detail, Carol Prunhuber's book is a model of investigative journalism. . . . Priceless reportage whose structure and clean and vibrant style grabs the reader's attention and leads him through the web of the crime till the end. . . . Illuminates in a thrilling journey the key episodes of Kurdish history, that cry of an irredentist nation."
—Pedro Crespo de Lara, *Leer*, Madrid; Spanish professor and writer, former general secretary of the Association of Spanish News Publishers and vice president of the World Press Freedom Committee; author of *Informaciones: La década del cambio (Information: The Decade of Change)*

---

"Dramatic and passionate is the book of Venezuelan journalist Carol Prunhuber. Starting with the murder in 1989 in Austria of the leader of the Iranian Kurds, Abdul Rahman Ghassemlou, the author offers us the story of a nation . . . that has been subject to exclusion and the constant attempts to exterminate it. . . . For the author, this crime has been left unpunished thanks to the duplicity through which civilized countries and the great powers, for raison d'état, hide their wretchedness."
—Freddy Núñez, *Tal Cual*, Caracas

---

"With investigative journalistic skill, Carol Prunhuber has created a denunciation that reads like a good story."
—Rafael Osío Cabrices, *El Librero*

---

"In this book journalism and literature come together to portray the spirit of freedom of a people."
— Valentina Oropeza, *Siete Días*, *El Nacional* Sunday edition

---

"Her book on Ghassemlou, with careful, attentive prose, is constructed like a movie screenplay; it blends with agility the story's events with the intimacies of her travel diary and the documented clarification of historical events."
—Humberto Márquez, IPS (Inter Press Agency)

"Against the backdrop of the revolution that overthrew the Shah and through the shadowy back streets of the Cold War, Carol Prunhuber's *Passion and Death of Rahman the Kurd* resurrects the doomed trajectory of assassinated Kurdish leader Abdul Rahman Ghassemlou.

"A portrait against the grain: not a peshmerga with his bandolier, but a nationalist intellectual in a well-tailored suit turned movable target far from the Kurdish mountains. A Third World aristocrat who will quickly veer off the Marxist road from revolution to democracy.

"Professor of economics, *bon vivant*, and clandestine freedom fighter, Ghassemlou is tracked by the henchmen of the Shah only to be assassinated by the hit men of Ayatollah Khomeini's Islamic Republic. Prunhuber guides us, through an opaque world of ambiguous friendships, uncertain complicities, treachery, and open threats, from Tehran to Prague, from Paris to Vienna.

"This portrait is a political whodunit, a truer-than-life reenactment of a destiny, and a journey into a trap—a trap implacably closing, until his execution in an anonymous apartment in Vienna in 1989.

"A page of history, too: abundant notes allow the reader to navigate with ease through the subtle maze of reheated hatreds and deceitful alliances that give the account all its authenticity."
—Jean-Marc Illouz, senior foreign correspondent, France2 TV News, Paris

"Abdul Rahman Ghassemlou is an emblematic figure of the Kurds in Iran during the 1980s. Polyglot intellectual of high culture, he engaged early on in politics for the recognition of the rights of the Kurdish people and for a secular democracy in Iran.

"Political leader and warrior, he never stopped affirming that the end could never justify the means. So he categorically rejected any recourse to terrorism. He was the only Iranian leader to publicly condemn Tehran's taking diplomats hostage in the American embassy.

"His humanistic politics won him great esteem in European public opinion and won his party acceptance in the Socialist International. His international prestige made him a target of choice for the Iranian theocracy, which determined to eliminate him.

"Carol Prunhuber, writer and journalist, with links to the Kurdish world since the early 1980s, knew Dr. Ghassemlou and spent time in the Kurdish mountains with his guerrillas. *The Passion and Death of Rahman the Kurd* is an impassioned and meticulously documented investigation that vividly evokes the enthralling life and final days of this incomparable Kurdish leader.

"It was in July 1989, in 'peace talks' in Vienna, that the emissaries of the new Iranian president, Rafsanjani, cut him down—and made a clean escape back to Iran under protection of diplomatic passports. What are the circumstances of this crime of state? Did Austria allow this for fear of reprisals from Tehran? Did Ahmadinejad, now Iran's president, form part of the support team for the commando of killers?

"At this hour when Iran alarms and defies the West, this book, which reads like a novel, is indispensable for all those who are concerned about Iran or intrigued by the Kurds."

—Kendal Nezan, president of the Kurdish Institute of Paris, major advocate of the Kurdish cause and culture in the West

هۆی ئەوە کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە وەرگێڕدراوی ئەو پێنج لاپەڕەیەی سەرەتای کتێبەکەی کارۆل پرۆن هۆبێری مقەستبر کردوون، ناوەرۆکی بەرزی نووسراوەکانی نووسەرانی ناوداری جیهان لەسەر کەسایەتیی د. قاسملوو و تاوانبارکردنی کارگێرانی سیاسیی رژیمی تێرۆریستیی ئێران و قانوونشکێنیی دەولەتی ئوتریش بووە.

مەلا عەبدوللا دوای تێرۆری رێبەرانی حدکا لە ڤییەن و برلێن، بووەتە بەشێک لە تەنزیمەکەی تالەبانیی تەوواوە لە ئیتتیلاعاتی سپای‌پاسداران‌دا و قیبلەکەی گۆریوە. ئێمە لە بەشەکانی دادێدا بەروونی ئەو ئاڵوگۆڕە دەبینین.

ئەو پێنج لاپەڕەیە بەرهەمی بیرو ئەندیشە، ئەزموون‌و دۆستایەتیی ناودارانی جیهان لەگەل د. قاسملوو و کەسایەتیی سیاسیی ئەوو و دەوری ناوبراو لە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، لە سیاسەتی نێونەتەوویی

کورد و دێمکرات بوونەکەی لە ناو رێبەرانی سیاسیی رۆژهەلاتی ناوەراستدا بووە.

بەشێک لەو کەسایەتییانە لە رەوتی رووداوی تێرۆری د. قاسملوو و واقعییەتی غەدرێک کە لە کوردی رۆژهەڵات و رێبەرە سیاسییەکەی کراوە، ئاگادار بوون. لەو رووەوە ئینسانیترین هەستی هاودەردییان بۆ کورد و رێبەرە ئازادییخوازەکەیان کە بە نامرۆڤانەترین پیلان کوژراوە دەربریوە .

کەسێکی وەکو جاناتان راندل کاتێ کە نووسیویە:" هیچ کەس بە تایبەتی کوردەکان، بە درێژایی سەدەکان، نەیان دەتوانی وەک قاسملوو لە فێڵبازیی و خەیانەت و نامەردیی کەسانی دەوروبەری خۆی ئاگادار بێ یان دەوڵەتی ئێران هەر بۆ باس کردن نابێ، چ ریژیمی شا و چ رێژیمی" ئیمام خومەینی" زۆر لەمێژ بوو بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی کوردە سەربزێوەکان پڕیاریان دابوو ".

لاپەڕەی١٢ دەقی کوردیی قاسملووی کورد، پاراگرافی ١ و پاراگرافی ٢. هێڵی ١٢ بخوێنەوە:

جاناتان راندل لەیەک دێڕدا فێڵبازیی، خەیانەت و نامەردیی کەسانی دەروبەری د. قاسملووی کە بەرەومەرگیان نارد، لەقاوداوە. نووسەری ئەم دێرانەش بەلگەکانی ئەو ئیدیعانامەیەی جاناتان راندالی کە بە سالآنبەدوایاندا گەڕاوە دەکاتە پشتیوانی وتەکانی ئەو. سوپاس بۆ جاناتان راندل بۆ توێژینەوەکەی و ئەو واقعییەتەی کە لەسەر تراژێدی مەرگی د. قاسملوو نووسیویە. راندل ئیشارەتی بە ئەزمون و زانیاریی د. قاسملوو لە " فێڵبازیی و خەیانەت و نامەردیی کەسانی دوروبەری خۆی کردووە". مخابن مەرگی د. قاسملوو دروستیی ئەزمونەکەی سەلماندووە. ئێمەش لە لێکۆلینەوەو بەدواداچوونی بەسەرهاتی د. قاسملوو و هاورێکانیدا بێ ئەوە لەو باسەی جاناتان راندل ئاگاداربین بەو ئاکامە گەیشتین کە بە تێڕادیوییەوە بلێین بەڵێ: ئەزموونەکەی د. قاسملوو لەسەر خۆشی وەراست گەڕاوە.

ئەوەی لەبەر دەستدایە سزاخوازنامەیە بۆ کەسانێک کە لەدەوروبەری د. قاسملوو بوون،بە گزیی وفێل و نامەردیی لەگەڵی جولانەوە و ئاخر سەر خەیانەتیان پێکرد. جاناتان راندل وەبیری هێنامەوە کە لە دروستیی ئەزموونەکانی د. قاسملوو ورد بمەوە و بە خوێنەری ئەم بابەتە بلێم کە: د. قاسملوو بۆ ئەو باسە، کورتە مێژوویەکی لەژێر ئەو سەرناوەدا بەناوی " مێژوویەکی کورتی رێبەرایەتی حدکا" نووسیوە و تێیدا باسی لە" ماکیاویلیسم"، لە خوو خدەی هاوکارە نزیکەکانی لە نێو حدکا ی بەر لەشۆرشی گەلانی ئێران لە باشوری کوردستان کردووە.

د. قاسملوو مەبەستەکەی لە ماکیاویلیسم ئاوا شیدەکاتەوە و دەریدەبڕی: "ماکیاویلیسم بە مانای ئەوەیە کە کلاو لەسەر هەموو کەس بنێ! درۆلەگەل هەموو کەس بکە! هەموو کەس فریوبدە! هیچ مەخوێنەوە و خورێنی چەک و پارەبە! دروستیی وتەکانی راندل سەرسوور هێنەرن. دەڵێی کوردیی زانیوە و ئەو باس و ئەزموونەی د. قاسملووی پێشتر خوێندووەتەوە. دەمەوێ ئەو توێژینەوەی ڕاندل لە سەر زانیاریی د. قاسملوو لەو پێشەکییەدا جێ بکەمەوە وبڵێم ئەوەی راندل نووسیونی دەقاودەقن: بەشێک لە نزیکانی د. قاسملوو " فێڵباز بوون، خەیانەت و نامەردیییان بە د. قاسملوو و د.شەرەفکەندیی وسەدان کەس لە یارانیان کرد. بەشێک لە کەسانی دەوروبەری د. قاسملوو بوونە هاوکاری تێرۆریستەکان و بزوتنەوە بە هێزەکەیان توناکرد.

ئــــەو پێـــنج لاپـــەرە سانســـۆر کـــراوەی کـــە لەســـەرتر نیشـــاندران کورتـــەی بۆچـــوونی گرنگتـــرین و وردبینتـــرین نووســـەرانی جیهانـــە کـــە تێیـــدا کـــارگێرانی تێرۆریســـتی کۆمـــاری ئیســـلامیی‌یان بـــە پلانـــدارێژو بریادەروبەرێوەبـــەری تێـــرۆری د. قاسملوو و عەبدوللا قادری تاوانبار کردووە.

## دەقی پێنج لاپەڕەی سانسۆرکراو

دەقـــی تەرجەمـــەی پێـــنج لاپـــەرەی ســـەرەتا ی کتێبەکـــەی کـــارۆل کـــە مـــەلا عەبـــدوللا حەســـەنزادە سانســـۆری کـــردوون و لەلایـــەن نووســـەری ئـــەم لێکۆلینەوەیـــە کـــراون بـــە کوردیی بەم جۆرەیە:

١. کـــارۆل پـــرون هـــوبێر ژینامەیـــەکی پـــر لەزەحمـــەت و سەرنجراکێشـــی لـــە بیرمەنـــدترین و جیهانییترین رێبەری کورد چێ کردووە. ژیانی قاسملوو کومەلە چیرۆک بوون و نووسەری ئەو ژینامەیە بە ئیلهام وەرگرتن لـە پـرزەی تـان و پـۆی ئـەو کۆمەلـە چیرۆکـەو ئیلهـام وەرگـرتن لـە وتوویژەکـانی لەگـەل دەیـان کـەس لەوانـەی کـە د. قاســملوویان باشــتر ناســیبوو، ئــەو سەربردەیەی نووسیوە.

نووسەری ئەو بابەتە جۆناتان راندل، رۆژنامەنووسی پێشووی واشـنگتۆن پۆسـت و نووســەری کتێبیێ:" دوای ئەوریسوایی‌یەو داوای لێبوردن؟ " تێوەگلانی من و کوردستان"ە.

---------------------------------------------------

٢. ئەم کتێبە راپۆرتێکی تەواوە لە[ سەربردە] ی د.عەبدوررەحمان قاسملوو، رێبەری ئیلهامـدەری کوردەکانی ئێـران. ئـەو راپۆرتـە بـاس لـە تێـرۆری بیسـت سـاڵ [ کـاتی نووسـینی بۆچوونەکـە بیست سال لە تێپەرینی جینایەتەکە بووە.]لەمەوبەری خەیانەتکارانەی رژیمی ئێران لە ڤییەن و تـاوانی پۆلیسـی ئـوتریش و دەسـەلاتدارانی ئوتریشـە بـۆ نـە بردنـی قاتلـەکان بـۆ دادگـە و ئازادکردنیان بەرلەوەی دادگایی بکرێن.

خاتو پرۆن هوبێر بە ئاشکرا نیشاندەدا کە رژیمی ئێران بە ئەنقەست سیاسـەتی لـە نێـوبردنی دژبەرە سیاسیی‌یەکانی گرتووەتە پێش و قاسملوو لە رێزی یەکەمیاندا بووە. ئێمە دەزانـین کـە قاسملوو کوژرا و دەزانین کێ کوشتی. بەلام بۆ چێ کۆمەلگای نێو نەتەوەیی بۆئەو [ جینایەتە] ئەوەندە سەرسەریی و بێ تەفاوەت و ناکارابوو؟ ئەمە خۆی ڕازێکە."

ئێرێـک ئـاوێبوری، ئەنـدامی پارلمـانی بریتانیـا، کـاخی لوردەکـان، نووســەری کتێبــی ئێـران: حکومەتی تێرۆر و ئێران، فتوای مەرگ: ژمارەی قاتلەکان و رووبەندەکانیان.

٣. ئەمە کارێکی وردبینانەی مێژووی هاوچەرخەو ساڵگەلێک بۆ کاردانەوەکەی مایەی هـەلگرتووە. ئەو رەنجەی کە نووسەرەکەی بـۆی کێشـاوە شـکلی داوە بـە مەسـەلەی ئـالۆزیی جیهـانی سیاسەتی کورد.

ئەوە کارێکی نموونەیی، رێپۆرتاژێکی رۆژنامەڤانیی لە باشترین نەوعی خۆی دایە. تۆ دەتوانی گوێ بۆ بێژماران دەنگ رابگری کە ژیان بە وجودی رێبـەرێکی جیـاواز دەبەخشـن کـە قاسـملوو بـوو. ئـەو بـە دەسـتوری رژیمـی ئێـران لـە ڤییـەن کـوژرا . ئـەوە هـەول و تەقەللایەکـە بـۆ دارشتنەوەی ئەو ژیانە سیاسیی‌یە ئالۆزو پرمەترسیی‌یە، لێک درونی زانیاریی و بەلگەکانە لە زانیـاریی دەرکێشـراوی تۆمـارکراوی دادوەران نووسـراوەی رۆژنامـەیل و وتـووێژی رۆبـەروو، هـــەروەها یادداشـــتی دەفتـــەری بیرەوەریی‌یەکانـــە و بـــە ئاهـــەنگێکی هەســـتبزوین بەستەبەندیی‌کراوە.

لە دەولەمەندیی ئەم کتێبەدا ئەزموونی شەخسیی هەیە: خولیایەک کە نووسەری بزوانـدووە بۆ بەکارهێنان و سازماندانی، توانایی لازم بۆ بە وجود هێنانی ئەم کتێبە، جیاوازو دەگمەنە .

ئێلیزابێت بورگۆس پ.ه.د مێژوو ناس و نووسەری کتێبێ پرفرۆشی:" ١ ریگۆبێرتا مانچۆ: ژنێکی هێندیی لە گواتمالا .

٤. بیوگرافی عەبدوررەحمان قاسملووی رێبەری کورد کە پرون هوبێر نووسیویە ... عەدالەت و دادگەریی به کەسایەتیی و کردەوەگەلی سەدەی ڕابردوو بە " سەرنجراکێشترین رێبەری بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد دەبەخشێ."

ژێرار، بەرێوەبەری پێشووی ناوەندی ئوروپا بۆ لێکۆلینەوەی گرفتەکان، نووسەری کتێبێ " میللەتێکی بێ ولات: کوردستان و کورد و مێژووی تروریسم لە کەوناراوە تا القاعدە.

---------------------------------------------------

٥. کارۆل پرون هوبێر، دۆستی عەبدوررەحمان نە تەنیا رومای رێبەرێکی مەزنی خاوەن نفوزی نێونەتەوەیی دەناسێنێ، هەروها رێنوێنیمان دەکاکە جیاوازی بەرەوپێشچوونی سیاسیی لە رۆژهەلاتی نێوەراست فام بکەین. قاسملوو لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستاندا ئێمە لەگەل چەمکەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک، تێشکاویی لەگەل چەمکگەلە سیاسییە توندوتیژەکانی حیزبە سوننەتییەکانی کوردستان ئاشنا دەکا .

لە سەرانسەری لاپەرەکانی کتێبی "خولیاو مەرگی رەحمانی کورد"دا، نووسەر بەدوای دارشتن و لێکۆلینەوەی کۆماری ئیسلامییەوەیە. نووسەر هەنگاوبەهەنگاو نیشاندەدا کە لایەنگرانی شیعە لەنێو خۆیاندا چۆن هەلس و کەوت دەکەن. لە لێکۆلینەوەی بەرفرەیدا باس لەسەر هێندێک لە ناودارترین کەسایەتییەکانی شیعە لە ئێران دەکا و روانگەیەکی بەرینمان لە گرفتی رژیمی ئێرانییەکان نیشاندەدا کە ئەو سیستمە سیاسییە ئێستاش هەمان رەفتارەکانی سالی ١٩٧٩ ی هەیە .

رۆژهەلاتی ناوەراست، پ.ه.د. رۆژنامەنووسی سپانیی پسپۆری رۆژهەلاتی ناوەراست؛ نووسەری کوردستان:مێژووی بەربەرەکانی و کوردستان و سەفەر بەرەو ولاتی قەدەخەکراو.

---------------------------------------------------

٦. ئەم لەشە مردووانە، ئەوانەی بیست سال لەمەوبەر بێ بەزەییانە لە ڤییەن کوژران کێن؟ زایەلەی دەنگیان لەم لاپەڕە لەرزۆکانەی لە لایەن کارۆل پرۆن هوبێرەوە بۆلامان دێن... من دەمەوێ ئەو خەتەرەبکەم و هەستی خۆم لەسەر ئەو کتێبە دەرببڕم و بلێم:" رێپۆرتاژی تەقینەوەی گەورەترین دەنگو کاردانەوە توندەکەی لە جیهاندا".

Nelson Rivera , EL National , Caracas

نێلسۆن ریوبیرا، ئێل ناسیۆنال کاراکاس

---------------------------------------------------

٧. کتێبەکەی کارۆل پرون هوبێر بەوردبینیی و شێوەی نووسین و دەولەمەندیی وردەکارییەکانییەوە، نمونە و شێوەکارێکی رۆژنامەنووسیی لێکۆلەرەوەییە...ئەم رێپۆرتاژە لەقیمەت نەهاتووو زەنگینە، ئەو شێوە نووسینە نازەنین وپاکژە سەرنجی خوێنەر دەڕفێنێ و رێنوێنیی دەکا کەبەنێو تۆری چنراوی جینایەتدا تا کۆتایی بچێ".

ئەو لە سەفەرێکی هەژانیی بە بەشەکانی مێژووی کوردستانداگەڕاوە و هاواری میللەتێکی کەونارادەکا و دەدرەوشێ.

پێدرۆ گرێسپۆ دولارا، لێر، مادرید، پرۆفێسۆری سپانیی و نوسەر، دەبیری گشتیی پێشووی ئەنجومەنی بلاوکەرەوەکان و جێگری سەرۆکی کومیتەی ئازادی بلاوۆکی جیهان و نووسەری زانیارییەکان: (دەورەی دەساله)٠

----------------------------------------------٠

٨. کتێبی رۆژنامەنووسی وێنێزوێلایی کارۆل پرۆن هۆبێر، دراماتێک (تژی لە روداوی هەژێنەر)، سۆزو عاتیفە وخولیایە. بە کوژرانی رێبەری کوردەکانی ئێران، عەبدورەحمان قاسملووەوە دەستپێدەکا و نووسەر داستانی میللەتێک بە ئێمە پێشکەش دەکا ... بابەتی باس کراو بریتییە لە بێبەش کردن و هەوڵدانی بەردەوام بۆ خاشەبر کردنی ئەو گەلە.... ئەو جینایەتە بۆ نووسەر بە سوپاس لە دووروویی، بێ سزادان ماوەتەوە و لەو رێگەیەوە ولاتانی ژیارمەند (متمدن) و دەسەلاتدارە مەزنەکان داماویی و فەلاکەتی خۆیان شاردووەتەوە.

فرێدی نونێز، تال کوال، کاراکاس Freddy Nunez, Tal, cual, Caracas

---------------------------------------------------

٩. کارۆل پرون هوبێر، بە توانایی رۆژنامەڤانیی لێکۆڵەریی یەوە سەرکۆنەنامەیەکی نووسیوە کە وەکو چیرۆکێکی باش دەخوێندرێتەوە ".

ڕافائێل ئۆزێیۆ کابریسێس، ئێل لیبرێرۆ Rafael OsioCaabrices, El Librero

---------------------------------------------

١٠. لەم کتێبەدا رۆژنامەڤانیی و زانستی ئەدەبیی یەکیان گرتووە بۆ ئەوە روحی ئازادیی میللەتێک پێناسە بکەن."

Valentina Oropeza, Siete Dias, El Nacional Sunday edition

ڤالێنتینا ئۆرۆپێزا،سیتێ دیاز، ئێل ناسیۆنال ساندی ئێدیشن

---------------------------------------------

١١. ئەم کتێبەی سەبارەت بە قاسملوو، بە وردبینیی و بە پەخشانێکی ناسک، وەکو سێناریۆی فیلمێکی سینمایی،وەستاکارانە[ دارێژراوە] و چیرۆکی روداوەکان بە سۆزێکی خۆشەویستانەو بەڵگەگەلی رونی روداوەمێژوییە کە باس دەکا کە لە دەفتەری یادداشتی سەفەری نووسەری کتێبەکە وەرگیراون و رێکخراون "

Humberto Marquez, IPS(Inter press Agency) هۆمبێرتۆ مارکێز، ئاژانسی ئینتر پرێس

---------------------------------------

١٢. رەوتی شۆرش، شای [ئێرانی]روخاند و لە رابردنی بە نێو کۆلانە تەنگ و تاریکەکانی شەری ساردا کتێبەکەی کارۆل پرون هوبێر، گیانی دووبارەی دا بە رێرەوی مردووی رێبەری کورد، عەبدوررەحمان قاسملوو.

وێنەیک لەهەمبەری رووەکێک: نە پێشمەرگەیەک بە فیشەکدانەوە، بەلکو ناسیۆنالیستێکی رووناکبیر بە جلو بەرگێکی بەرگدرووی شیک(کەشخە)وە کە ئامانجی نە چەقیوو بزۆزی بەرەو دوور لە کێوەکانی کوردستان کردۆتە نیشانە. ئەریستۆکراتێکی جیهانی سێهەم کە دەیهەوێ بە لەز لە جادەی مارکسیزمەوە، لەرێگەی شۆرشەوە بەرەو دێموکراسی لادا.

پرۆفیسۆری ئابوریی، ژیانخۆش، شەرکەرێکی نهێنیی کار، قاسملوو کە جیرەوەرگرەکانی شا بەدوای دا دەگەرێن، تەنیا بۆ ئەوە بووە کە پیاوەکانی ئایەتوولڵا خومەینیی کۆماری ئیسلامیی بە گووللە بیکوژن. پرون هوبێر ئێمە لە جیهانێکی لێڵ و تەماویی، دۆستایەتیی، شەریکەتاوانیی و هاودەستیی، خەیانەت، رەفتاری ئاشکرا، لە تارانەوە بۆ پراگ، لە پاریسەوە بۆ ڤییەن دەبا.

ئەوە رەمزو رازێکە کە تەنیا تالەبانیی و صحرارودی لێی شارەزان.

نووسەر:ژان مارک ئیلوز، سەرۆکی هەوالدەریی پێوەندییەکانی دەرەکیی کانالی تەلەڤیزیۆنی فەرانسە ٢ پاریس

١٣. ئەو پۆرترەیە (وێنە)، چیرۆکێکی سیاسیی پۆلیسیی یە، واقعی‌تر لە ژیان، نومایشێکی سەر لە نوێی چارەنووس و سەفەرە بۆ وەنێوداوکەوتن و کوشتنە لە ئاپارتمانێکی، بێناوو نیشان لە سالی ١٩٨٩ لە شاری ڤییەن.

لاپەڕەیەکی مێژووش: زۆر نووسراوە هەن کە مۆڵەت بە خوێنەر دەەن بە هاسانی بە ڕێگای پڕ پێچ وپەنا و نادیاری ڕق و قینی دووبارە زیندوو کراو و ئەو هاوپەیمانە ساختەچیانەدا بگەڕێت کە ڕەسەنایەتی و ڕاست بوونی ئەو دەردەخەن.

ژان مارک ئیلوز، مەزن هەواڵنێری بیانی، تی‌وی ٢ فرانس,

Jean – Marc Illouz senior foreign correspondent French 2 TV

-----------------------------------------------------

ئەم ئاخر بابەتە هی کەندال نەزانە

١٤. عەبدوررەحمان قاسملوو سەمبولێکی رەمزیی کوردەکانی ئێرانی سالەکانی ١٩٨٠ یە. روناکبیرێکی چەند زمانەی خاوەن کولتورێکی بەرز، ئەو پێشتر لە سیاسەتدا خوازیاری ناسینی مافەکانی میللەتی کورد و خوازیاری دێموکراسیی‌یەکی لائیک و سێکۆلار لە ئێران بوو. رێبەری سیاسیی – نیزامیی، ئەو هەرگیز پشتیوانیی لەوە نەکرد بۆ گەیشتن بە ئامانج لە هەموو کەرەسەیک کەلک وەربگیرێ. لەبەر ئەوە قاسملوو هەرچەشنە تێرۆرێکی رەت کردەوە. ئەو یەکەمین رێبەری ئێرانیی بوو کە بە بارمتەگرتنی دێپلۆمات و کارگێرانی بالوێزخانەی ئەمریکای لە تاران بە ئاشکرا مەحکوم کرد. سیاسەتە بەشەریی‌یەکانی بۆ ئەو بوو بە ئیعتیبار و بیرورای ئوروپایی‌یەکانی بۆ لای خۆی راکێشا. ئەو بوو بە هۆی ئەوە کە حیزبەکەی لە ئینتر ناسیۆنالی سۆسیالیستدا قبوول بکرێ. پرستیژی نێونەتەوەیی‌یەکەی ئەوی کردە ئامانجی دین سالارانی ئێرانیی کە خاشەبری بکەن.

"کارۆل پرون هوبێر، نووسەرو رۆژنامەڤان لە پێوەندیی بە جیهانی کوردەوە لە سالی ١٩٨٠ عەبدوررەحمان قاسملووی ناسیبوو.خۆی لەگەل گریلاکانی کورد بە چیاکانی کوردستاندا تێپەری بوو. هەوێنی کتێبی خولیاو مەرگی قاسملووی کورد بە شێوەی لێکۆلینەوەیەکی دۆکۆمێنتیی بە بەڵگەوە دارێژراوە. ئەو کتێبە وردبینانە کاری بۆکراوە و بە روونیی ژیانی بەسۆز و ئاخرین رۆژەکانی ئەو رێبەرە بێ‌هاوتایەی کوردی ئافراندووە کە مرۆڤ بەرەو خۆی رادەکێشێ " جاسوسەکانی رفسنجانی، سەرۆک کۆماری ئێران لە جولای ١٩٨٩ لە ڤییەن، لە وتووێژێکدا بۆ ئاشتیی پێک‌هاتبوو، مێشکیان پژاند و پاسپۆرتی دیپلۆماتیکی ئێران رێگەی گەڕانەوەی جاسوسەکانی بۆ ئێران و رزگاربوونیانی دابین کرد. چۆنێتیی ئەو جینایەتەی حکومەت چی‌یە؟ ئایا دەولەتی ئوتریش لە ترسی تۆلەی دەولەتی ئێران رێگەی دا کە جینایەتکاران بگەرێنەوە بۆ ئێران؟ ئایا احمدی نژاد سەرۆک کۆماری ئێران ئەندامی تیمی پشتیوانیی کۆماندۆ مرۆڤکوژەکان بوو؟

لەم ساتەدا و کاتێ کە ئێران زەنگی خەتەری لیداوە و هەرەشە لە رۆژاوا دەکا، ئەم کتێبە، وەکو چیرۆکێک دەخوێندرێتەوە، بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە نیگەرانی ئێرانن یان سۆزو خۆشەویستیان بۆ کوردان هەیە، هیچ کەڵکی نی‌یە.

Kendal Nezan, President of the Kurdish Institute of Paris, major advocate of Kurdish Cause and culture in the West.

کەندال نەزان. سەرۆکی ئەنستیتۆی کوردلە پاریس، وەکیلی سەرەکیی مەسەلەی کوردو فەرهەنگەکەی لە رۆژاوا

------------------------------------

پێزانین

سوپاسـوێژی مامۆسـتا ئـەنوەر سـوڵتانیی نووسـەر و وەرگێـری رەسـمیی زبـانی ئینگلیزیـی لـە دادگاکـانی بریتانیـام کـە زەحمـەتی پێداچوونـەوەی بـە وەرگێـردراوە ئینگلیزییەکـەی ئـەو پێـنج لاپـەرە سانسـۆرکراوە کـە خـاوەنی ئـەم قەڵەمـە کردوونـی بە کوردیی قبوڵ کرد[9]. درێژەی دەبێ و بەم زووانە کۆتایی نایە.

١٢ مای ٢٠١٥

[9] http://www.mediafire.com/view/myfiles/#nou7u751sq8bias
http://www.mediafire.com/view/myfiles/#brz1zph48lhlhz9
http://www.mediafire.com/view/myfiles/#cm5geg63ye73mow
http://www.mediafire.com/view/myfiles/#5e94irs51dqii8b
http://www.mediafire.com/view/myfiles/#98dx0dwowcg8ub4